Research Center

# راپرسی

# هەڵبژاردن

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

www.rudawrc.net

تەمووز -2023

راپرسی

# هەڵبژاردن

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

تەمووز - 2023

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز رووداو للدراسات

**ڕاپرسی هەڵبژاردن**

چاپی یەکەم
2723 ی کوردی - 2023 ی زایینی
ناونیشان : هەولێر - باشووری کوردستان
لە بڵاوکراوەکانی : ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
مافی چاپکردنەوەو لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو.

**ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی ڕووداو(RRC)** وەك بەشـێك لـە تـۆڕی میدیایـی ڕووداو لـە هەرێمـی کوردسـتان، لـە سـاڵی 2016 دامـەزراوە. تێگەیشـتن و وردبوونـەوەی زیاتـر لـە ڕووداوەکانـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت لـە ئامانجەکانـی ناوەندەکەیـە. بەشـێوەیەکی تایبەتیش کار لەسـەر پرسـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و ڕووداوە سیاسـی، ئەمنـی و ئابوورییـەکان دەکات. بـۆ ئـەوەش پاڵپشـتی لـە شـرۆڤە و هەڵسـەنگاندن و لێکۆڵینـەوە لـەو بوارانـە دەکات و، تۆڕێکـی فراوانـی لێکۆڵینەرانـی لەنێوخـۆی کوردسـتان، عێـراق و وڵاتانـی دراوسـێ بـەدەوری خۆیـدا چنیـوە. بەمـەش زەمینـەی گفتوگۆیەکـی بەرهەمـدار و هەلـی دەرکەوتنـی دیـدگا و ڕەنگـە جیاوازەکان دەڕەخسـێنێ. لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئەمانـە بـە ئەجێندایەکـی کارای لێکۆڵینـەوە، ڕاوێژکـردن و ئاڵوگـۆڕی بیـروڕا لەگـەڵ نوخبـەی سیاسـی، ئەکادیمـی، شـارەزا لـە بـوارە جیـاوازەکان، تەقـەلای پێشخسـتن و پەرەپێدانـی بیرۆکـەی درووسـت بـۆ قوسـتنەوەی دەرفەتـەکان و تێپەڕاندنـی مەترسـییەکان دەدات و دەیەوێـت، لەڕێـی هەڵسـەنگاندنی بابەتیانـەی ڕووداوەکان و پێشکێشـکردنی پێشـنیازی کردەنـی، بەرچاوڕوونییـەك بداتـە دەسـتەبژێر و بڕیارسـازانی هەرێمـی کوردسـتان.
هەروەهـا، لەڕێـی فراوانکردنـی تـۆڕی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ سیاسـی و ئەکادیمـی و ڕۆژنامەڤـان و چالاکڤانانـی کۆمەڵگـەی مەدەنیـی وڵاتانـی دیکەشـەوە، دەرفەتـی گەشـەپێدانی پەیوەنـدی، ئاڵوگـۆڕی بیـروڕا و گەیاندنـی دیدگایەکـی کوردسـتانی سـەبارەت بـە ڕووداوەکانـی ناوچەکـە بـۆ دنیـای دەرەوەش دەڕەخسـێنێ.

© ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو 2023

## تیمی لێکۆڵینەوە

زریان ڕۆژهەڵاتی
مەحموود بابان
ڕەقیب بەهائەدین محەممەد

## تیمی کۆکردنەوەی داتاکان

دەریا ڕەفیق
ئەڤرس ڕەشید
بەروار عەبدوڵڵا
هەژین فەتاح
ڤین سیامەند
پەیوەند شەماڵ
دنیا تاڵب
ئەژین رزگار

## دیزاین

ئالان پەیوەند

# خشتەی نێوەڕۆک

پووختە ........................................................................................ 7
دۆزراوە سەرەکییەکان .................................................................. 8
چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم ڕاپرسییە .................................................... 9
پێشەکی ........................................................................................ 10.
پرۆفایلی دیمۆگرافیی بەشداربووان................................................................13
ڕەفتاری دەنگدەران لە هەرێمی کوردستان..................................................17
ڕۆڵی حیزب لە دەنگدان.........................................................................24
خواست و بژاردەی دەنگدەران..................................................................26
ڕوانگەی سیاسی و بایەخمەندییەکانی دەنگدەران..........................................37
میتۆدۆلۆژی ............................................................................................41
خشتەکان...............................................................................................44

# پووختە

ئەم راپرسییە لەنێو 2412 هاونیشتمانی دا لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان کراوە کە تەمەنیان لە سەرووی 18 ساڵ بووە و بەشێوەیەکی هەڕەمەکیی هەڵبژێردراون. لەبەر بایەخی جۆگرافیای دەنگدەران، ژینگەی بەشداربووان بۆ سێ بەشی شارنشین، شارنیشنی دەورووبەر و گوندنشین دابەشکراوە.

لەڕووی رەگەزییەوە، رێژەی نێر و مێ لەنێو بەشداربووانی ئەم راپرسییەدا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان تاوەکو رادەیەک نزیکی یەکە. %55.3ی هەموو ئەوانەی کە بەشداربوون لە رەگەزی نێر و، %44.7یشیان لە رەگەزی مێن.

بەگشتی %60.3ی خەڵك گوتوویانە کە بەشداری لە هەڵبژاردن دا دەکەن، ئەمەش نزیکە لە رێژەی بەشداریکردنی خەڵك لە هەڵبژاردنی رابردووی پەرلەمانی کوردستان دا. رەنگە دوو هۆکاری سەرەکی لە پشت ئەوەبن کە رێژەی بەشداریکردنی خەڵك لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان، هاوشێوەی خوولی رابردووی هەڵبژاردنی پەرلەمان (2018) بێت. یەکەمیان هاتنی دەنگدەری نوێ و خواستی بەرزی گەنجانە بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن دا. ئەوی دیکەشیان ئەوەیە کە لەوانەیە دۆخی سیاسی و زیادبوونی جەمسەربەندییە سیاسییەکان هاندەرێك بێت بۆ ئەوەی خەڵك بەشداری هەڵبژاردن بکەن.

بەپێی ئەو ئەنجامەی کە لەم راپرسییەدا دەرکەوتووە، براوەی یەکەم لە هەڵبژاردنی داهاتوو ئەم سێ توێژەن پێکەوە: ئەوانەن کە بەشداری ناکەن، دەنگدەری خۆڵەمێشی و ئەوانەی کە بە بەتاڵی دەنگدەدەن. رێژەی%39.7ی هاووڵاتیان بەشداری لە هەڵبژاردن ناکەن. %29.2ی ئەوانەی کە گوتوویانە بەشداری دەکەن، دەنگی خۆیان ئاشکرا ناکەن و %3.7یش گوتوویانە بە بەتاڵی دەنگ دەدەن. مەزەندە دەکرێت ژمارەی ئەمانەش هەموو پێکەوە نزیکەی 2 ملیۆن و 167 هەزار و 252 دەنگدەر بێت.

لەنێو %60.3ی دەنگدەران دا کە بەنیازن بەشداری لە هەڵبژاردن دا بکەن، پارتی دیموکراتی کوردستان %46.1ی دەنگەکان دەبات، بە 1012136 دەنگ لە ریزی یەکەم دایە. یەکێتی نیشتمانی کوردستان %11.3ی دەنگەکان دەبات و بە 248094 دەنگەوە بە پلەی دووەم دێت و، نەوەی نوێ بە رێژەی %5.5 و 120653 دەنگەکانەوە بە پلەی سێیەم دێت.

بە بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشوو، دەنگی پارتی و یەکیتی زیادی کردووە، هەڵبەت بەهۆی زۆریی رێژەی دەنگی خۆڵەمێشی(%29.2) و دەنگی بەتاڵ(%3.7) ئەگەری دەرکەوتنی ئەنجامی چاوەڕواننەکراو لەم هەڵبژاردنەدا زۆرە. ئەم ئەنجامەش سەیر نییە کاتێک بزانین بایەخپێدانەکانی دەنگدەر لە هەرێمی کوردستان گۆڕاوە. بەشداربووان بەڕێژەیەکی زۆر کەم بابەتەکانی پەیوەست بە دیموکراسی و ئازادییەکانیان لە پێشینەی خۆیان داناوە و، زیاتر بابەتەکانی پەیوەست بە ئابووری و گوزەرانی رۆژانەیان هەڵبژاردووە.

پرسیارەکانی ئەم راپرسییەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو لە سێ بەشی تایبەت بە رەفتاری دەنگدەران، خواست و بژارەی دەنگدەران، روانگەی سیاسی و بایەخمەندییەکانی دەنگدەران دیزاین کراون کە دەتوانێت سەرەداوی گرنگ سەبارەت بە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و پێگەی پارتە سیاسییەکان نیشانبدات.

# دۆزراوە سەرەکییەکان

- ڕێژەی بەشداریکردنی خەڵک لە هەڵبژاردن هاشێوەی 2018 لە سنووری ٪60دا دەبێت.
- هەرچەند گرووپەکانی تەمەن بەرەو هەڵکشان دەچن، خواستی بەشداری کەم دەبێتەوەو زۆرترین دەنگەکانی ئەوانەی بۆ یەکەم جارە دەنگدەدەن بۆ پارتی دەچن، پاشان نەوەی نوێ ئینجا یەکێتی هەڵدەبژێرن. زۆرترین گەنجی هەرێمی کوردستان لە سنووری هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک دایە کە پێچەوانەی سلێمانی و هەڵبجە زۆرترین خواستی بەشداریی لە هەڵبژاردنیان لێیە.
- هەرچەند لە ژینگەی گوندنشینەوە بەرەو ناوەندی شارەکان دێین، خواستی بەشداری لە هەڵبژاردن کەم دەبێتەوە.
- بەپێی ئەنجامەکان، ٪57.7ی ئەو دەنگدەرانەی کە بەشداری لە هەڵبژاردن دەکەن، زیاتر لە مانگێك پێش لە ڕۆژی هەڵبژاردن بڕیاری خۆیان دەدەن کە دەنگ بە چ لایەنێك بدەن.
- بە پێی ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە، لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، ئەوانەی کە بەشداری ناکەن، دەنگدەری خۆڵەمێشی و ئەوانەی بە بەتاڵی دەنگدەدەن ڕێژەی هەرە زۆری دەنگدەرانن کە مەزەندە دەکرێت دەوروبەری 2167252 کەس بن.
- بێگومان، بڕاوەی یەکەم لە هەڵبژاردنی داهاتوو، ئەوانەن کە دەنگ نادەن کە لە سەرووی یەك ملیۆن و چوارسەد هەزار دەنگدەردایەو بەڕێژەی 39.7%ی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان دەبێت، بەڵام ئەوەی کە دەتوانێت ئەنجامێکی چاوەڕواننەکراوی بۆ هەڵبژاردن لە هەگبەدابێت، دەنگدەری خۆڵەمێشی و ئەوانەن کە بە بەتاڵی دەنگدەدەن کە هەردووکیان پێکەوە، ٪32.9ی ئەو دەنگدەرانە پێکدەهێنن کە بەشداری لە هەڵبژاردن دەکەن.
- زۆرترین ڕێژەی ئەوانەی دەنگیان ئاشکرا ناکەن لەو شوێنانەن کە پێشترلایەنەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی تێیدا بەهێز بوون و، ئەگەری دەنگهێنانی لیستێکی نوێ لە هەڵبژاردنی داهاتوو بەرزە.
- لەوانەیە بایەخمەندی خەڵک ئێستا گۆڕابێت وەهەر ئەوەش وایکردبێت کە دەنگدەر زیاتر دوودڵ بێت. بەپێی ئەنجامەکان، بایەخمەندیی ئێستای دەنگدەران زیاتر بابەتە ئابووری و خزمەتگوزارییەکانە نەک بابەتەکانی پەیوەست بە دیموکراسی و ئازادییەکان.

# چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم ڕاپرسییە

ئـەم ڕاپرسـییە سـەبارەت هەڵبژاردنـی داهاتـووی هەرێمـی کوردسـتان، لەنێـوان حوزەیـران- تەممـووزی 2023دا، لەنیـو ژینگـەی گوندنشـین، شارنشـین و شارنشـینی دەورووبـەردا بەشـێوەی ڕووبـەڕوو ئەنجامـدراوە. بەگشـتی، 2412 نموونـە وەرگیـراوە، بەوشـێوەیەی کـە لەسـەر تـەواوی گەڕەکـەکان و بـۆ هـەر گەڕەکێـک 6 نموونـە دانـراوە، تاوەکـو گوزارشـت لـە دەنگـدەری ئـەو ناوچەیـە بـکات. لـەم ڕاپرسـییەدا لـە هەندێـک لـە ناوچـەکان و، بەتایبەتیـش لـە سـەنتەری شـارەکان خەڵکانێـک ئامادەنەبـوون بەشـداری ڕاپرسـییەکە بکـەن کـە ئـەوەش لەکاتـی شـیکردنەوەی ئەنجامـەکان دا لـە بەرچـاو گیـراوە.

# پێشەکی

هەڵبژاردن یەکێکە لەو بابەتانەی کە لە هەرێمی کوردستان مشومڕێکی زۆری لەسەرە. دواکەوتنی چەند جارەی هەڵبژاردن و ناکۆکی لایەنەکان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی، بارگرانییەکی دیکەی بۆ سەر گرژییە سیاسییەکانی نێوخۆی هەرێمی کوردستان دروستکرد. درێژەکێشانی ئەو گرژییانەش، ڕێگەی بۆ ئەوە کردەوە کە زۆر ئەکتەری دیکەی عێراق و دەرەوەش لەم بابەتەدا ڕۆڵ پەیدا بکەن. لێرەدا، زانینی ڕای ئەکتەرە سەرەکییەکەی ئەم بابەتە کە دەنگدەرانن، بایەخێکی زۆری هەیە تاوەکو لە وردەکارییەکانی ئەم مژارە لە ئاستی نێوخۆیی تێبگەین.

ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە، سەبارەت بە ڕەفتاری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان زانیاری گرنگمان پێدەدەن. ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لەوانەیە ڕێژەی چەند لە سەتی هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتوو بکەن. خواستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن لەنێو گەنجان زیاترە لە کەسانی بە تەمەن. لەنێو ڕەگەزی مێ زیاترە لە نێر و لە نێو ئەوانەش کە بێکارن و لەڕووی ئابوورییەوە ناچالاکن زیاترە لە ڕەگەزی نێر و لەوانەی کە کاردەکەن. هەروەها هەرچی لە ژینگەی گوندنشینەوە بەرەو ناوەندی شارەکان دێین، خواستی بەشداری لە هەڵبژاردن کەم دەبێتەوە.

بەپێی ئەم ڕاپرسییە، چەند هۆکارێک هەن بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی داهاتوو، شتی چاوەڕواننەکراوی تیدابێت. لە هەڵبژاردنی 2018ی پەرلەمانی کوردستان دا، ژمارەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بە 3085461هەژمار کراوە. کۆمیسیۆن باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقیش بۆ ساڵی 2021، ژمارەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستانی بە 3227551 کەس داناوە و بۆ ئێستاش، باس لە 3641000 دەنگدەر دەکات کە بێگومان لەکاتی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان دا، کە بەپێی دوایین فەرمانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیارە لە 25ی شوباتی 2024دا بکرێت، ئەو ژمارەیە زیاتریش دەبێت، بەڵام ئەگەرهەر ئەم ژمارانەی ئێستاش بە بنەما وەربگرین، ئەوسا سەرووی 400 هەزار دەنگدەری نوێ لەهەرێمی کوردستان هەیە کە پێدەچێت بۆ ساڵی 2024 زیاتربێت و، تاوەکو 500-600 هەزار کەسێک هەڵبکشێت.

٪61ی ئەو بەشداربووانەی کە بۆ یەکەم جار مافی بەشداریکردنیان دەبێت و تەمەنیان لەنێوان 18-22 ساڵیدایە، گوتوویانە کە بەشداری لەهەڵبژاردن دەکەن. ئەمەش لەکاتێکدایە کە بەپێی ئەنجامەکان، هەرچەند گرووپەکانی تەمەن بەرەو هەڵکشان بچن، خواستی بەشداریکردنیان کەم دەبێتەوەو، ئەوەش لە گرووپی +60ساڵ دا دەگاتە 17% لە ڕاپرسییەکی پێشووی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو دا سەبارەت گەنجان کە لە حوزەیرانی ئەمساڵ دا کرابوو، خواستی بەشداری لەنێوان گەنجانی 15-29ساڵ 72% بوو،

دیارە ئەگەر مافی دەنگدانیان هەبێت چونکە تەمەنی هەندێکیان بەشی ئەوە ناکات. زۆرترین دەنگەکانی ئەوانەی بۆ یەکەم جار دەنگدەدەن، بۆ پارتی دەچن. دواتر بە ڕێژەی 23%، ئەوانەکە نایانەوێ دەنگی خۆیان ئاشکرا بکەن، پاشان نەوەی نوێ دێت ئینجا یەکێتی دێت. ئەمە شتێکی سەیر نییە کاتێک بزانین زۆرترین ڕێژەی گەنج لە هەرێمی کوردستان لە سنووری پارێزگای دهۆک و هەولێردایە و، خواستی بەشداریکردن لە ناوەندی شارە گەورەکان کەمترە تاوەکو شارنیشنی دەوروبەر و گوندەکان. هەروەها بەرزترین خواستی بەشداریکردنیش لە هەڵبژاردن، بەپێی ریزبەندی لە سۆران، زاخۆ، هەولێر و دهۆك بووە و کەمترینەکانیش لە ڕاپەڕین، هەڵەبجە، گەرمیان و سلێمانی بووە.

بێگومان، براوەی یەکەم لە هەڵبژاردنی داهاتوو، ئەوانەن کە دەنگ نادەن. ئەگەر ژمارەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان 3641000 کەس بێت، ژمارەی ئەم بەشە، لە سەرووی یەك ملیۆن و چوارسەد هەزار دەنگدەردایە، کە بەڕێژەی 39.7% ی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان دەبێت.

بەڵام ئەوەی دەتوانێت ئەنجامێکی چاوەڕواننەکراوی بۆ هەڵبژاردن لە هەگبەدابێت، دوو گرووپی دیکەن: ئەوانەی کە نایانەوێ دەنگەکانی خۆیان ئاشکرا بکەن. بە واتایێک دەنگدەری خۆڵەمێشی و ئەوانەی کە بە بەتاڵی دەنگدەدەن کە ئەگەر هەیە تاوەکو دواساتەکانیش ڕای خۆیان بگۆڕن. هەردووکیشیان پێکەوە، ٪32.9ن دەنگدەران پێکدەهێنن.

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە، بە ڕێژەی ٪29.2 دەنگدەری خۆڵەمێشی هەیە کە دەوری 641092 دەنگدەر دەکات و، ٪3.7یش بە بەتاڵی دەنگدەدەن کە 81234 کەس دەکات. بەرزترین ڕێژەی ئەم دەنگدەرانە، بەپێی ریزبەندی لە سلێمانی 55.1% ، هەڵەبجە 53.1%، ڕاپەڕین 49.1%، هەولێر26.4% بووە. ئەمەش واتای ئەوە دەدات کە ئەگەر دەنگی یەکەم لە شوێنەکانی وەك دهۆك، زاخۆ و سۆران هەر لە ئێستاوە دیاربێت، ئەوا دەنگی یەکەم لە سلێمانی، گەرمیان، ڕاپەڕین و هەڵەبجە بەدەستی دەنگدەرانی خۆڵەمێشی یەکلا دەبێتەوە.

وەک چۆن مەزەندە دەکرێت زۆربەی دەنگە خۆڵەمێشییەکان دەنگی تۆراوی لایەنەکانی دەرەوەی هەردوو پارتە سەرەکییەکە بن، چاوەڕوان ناکرێت ئەوانە دەنگی پارتی و یەکێتی بن، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئەو دەنگانە بۆ کوێ دەڕون؟ لەوانەیە سەرئەنجام بەسەر حیزب ولایەنەکانی دیکە دابەش ببنەوە یان بۆ حیزب و لایەنێکی نوێ بڕوات و بەوەش دۆخێکی هاوشێوەی 2009 دووبارە ببێتەوە. هەڵبەتە بە پێچەوانەی 20099، پێدەچێت بایەخمەندیی خەڵک ئێستا گۆڕابێت وهەر ئەوەش وایکردبێت کە دەنگدەر زیاتر دوودڵ بێت. بابەتەکانی وەك گرنگیدان بە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بەڕێژەی ٪56.7، دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان بەڕێژەی ٪41.8، گەڕاندنەوەی پاشەکەوتی مووچە بە 39.8% و نەهێشتنی گەندەڵی بەڕێژەی 34.2%، لە ریزی ئەو بابەتە سەرەکییانەن

کـە دەنگـدەران دەیانـەوێ لایەنـی بـراوە بایەخیـان پێبـدات.
لـە بەرامبـەردا ئـازادی بیـروڕا بەڕێژەی %2.6 و سـەقامگیری سیاسـی بەڕێـژەی %5.2 لایەنداری هەبـووە. ئەمـەش دەریدەخـات کـە بایەخمەندییەکانـی دەنگـدەر زیاتـر بابەتـە ئابـووری وخزمەتگوزارییەکانە نەک بابەتەکانی پەیوەسـت بـە دیموکراسـی و ئازادییەکان. هەرئـەوەش دەتوانێـت بەشـێکی ئـەوە روون بکاتـەوە کـە بۆچـی لەوانەیە لەهەڵبژاردنـی داهاتـوودا، تەنیا دەنگـی پارتـی و یەکێتـی زیـاد بـکات، بـەڵام پاییـزی لایەنەکانـی دیکـە بەڕێگەوەبێـت. ئەمـە بێجگـە لـەوەی کـە زۆرتریـن رێـژەی بەشـدارینەکردن لـە هەڵبـژاردن، هەروەهـا زۆرتریـن رێـژەی ئەوانـەی دەنگیـان ئاشـکرا ناکـەن لـەو شـوێنانەن کـە پێشـترلایەنەکانی دیکـە تێیـدا بەهێـز بـوون. ٪59.3 لـە سـلێمانی،٪59 لـە گەرمیـان،٪56.7 لـە هەڵەبجـە و ٪42.1 لـە راپەڕیـن، گوتوویانـە بەشـداری لـە هەڵبـژاردن ناکـەن. ئـەو رێژەیـە لـە هەولێـر ٪35.7، لـە سـۆران ٪33 لـە دهـۆک٪25.7 و لـە زاخـۆش ٪6.7 بـووە.
بەپێـی ئەنجامـەکان، ٪57.7ی ئـەو دەنگدەرانـەی کـە بەشـداری لـە هەڵبـژاردن دەکـەن، زیاتـر لـە مانگێـك بـەر لـە رۆژی هەڵبـژاردن بڕیـاری خۆیـان دەدەن کـە دەنـگ بـە چ لایەنێـك بـدەن و ئـەوەش دەتوانێـت کاریگـەری جەمسـەربەندییە سیاسـییەکان لەسـەر رەفتـاری دەنگدەرانـی هەرێمـی کوردسـتان دەربخـات.
بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا، ژمارەیەکـی بەرچـاو هەیـە کـە دوودڵـە و بەشـداری نـاکات. بەپێـی ئەنجامەکانـی ئـەم راپرسـییە، لـە هەڵبژاردنـی داهاتـوودا، رێـژەی هـەرە زۆری دەنگـدەران ئەوانـەن کـە بەشـداری ناکـەن، دەنگـدەری خۆڵەمێشـین و بـە بەتاڵـی دەنگـدەدەن . ئەوانـەی بەشـداریی ناکـەن رێژەیـان%39.7ی هاووڵاتیانە، %29.2یـش ئەوانـەن کـە بەشـداری دەکـەن و دەنگـی خۆیـان ئاشـکرا ناکـەن و، %3.7یـش گوتوویانـە بـە بەتاڵـی دەنـگ دەدەن. مەزەنـدە دەکرێـت ژمـارەی هەمـوو ئەمانـە پێکـەوە، بگاتـە 2167252 کـەس. ئەمـەش وادەکات کـە ئەگـەری ئەنجامـی چاوەڕواننەکـراو لـە هەڵبژاردنـی داهاتـوودا شـتێکی دوورنەبێـت.
بەگشـتی ئامانجـی سـەرەکیی ئـەم راپرسـییە زانینـی دیـد و بۆچوونـی خەڵکـە لەسـەر هەڵبـژاردن، رەفتـاری داهاتـووی دەنگـدەران، بـژاردە و بایەخمەندییەکانیـان بـوون. بـۆ ئـەوەش لـە سەرتاسـەری هەرێمـی کوردسـتان دا، لـە 402 شـوێنی جیـاوازدا، بەشـێوەی راسـتەوخۆ-هەڕەمەکـی رای 2412 کـەس سـەبارەت بە پرسـەکانی هەڵبژاردن وەرگیراوە لەم راپرسـییەدا. وەڵامـی بەشـداربووانی راپرسـییەکەش سـەرەداوی گرنـگ ئاشـکرا دەکات سـەبارەت ئـەوەی کـە بۆچـی هەڵبـژاردن لـە ئاسـتی ناوخۆییـدا ئـەم هەمـوو مشـتومڕەی لەسـەرە.

**زریان رۆژهەڵاتی**

**بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو**

# پرۆفایلی دیمۆگرافیی بەشداربووان

ئەم راپرسییەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو لەنێو 2412 هاونیشتمانی دا لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان کراوە کە تەمەنیان لە سەرووی 18 ساڵ بووە و بەشێوەیەکی هەڕەمەکیی هەڵبژێردراون. لەبەر بایەخی جۆگرافیای دەنگدەران، ژینگەی بەشداربووانی ئەم راپرسییە بۆ سێ بەشی شارنشین، شارنیشنی دەورووبەر و گوندنشین دابەشکراوە. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان 1044 نموونە لە ژینگەی شارنشین، 858 دانە لە شارنشینی دەورووبەر و، 510 نموونەش لە ژینگەی گوندنشین وەرگیراوە.

بەرزترین رێژەی بەشداریی دانیشتووانی شارنشین بەپێی ریزبەندی، لە زاخۆ، هەڵەبجە، سلێمانی و گەرمیان بووە و کەمترینیش، لە پارێزگای دهۆك بووە. لەبەرامبەردا بەرزترین رێژەی شارنیشنی دەورووبەر لە پارێزگای دهۆك بووە بەرێژەی 48.8% و لە دوای ئەویش هەولێر، بە 45.9%. لە هەڵەبجە و زاخۆ، هیچ بەشداربووێکی شارنشینی دەورووبەر نەبووە. بەرزترین رێژەی بەشداریی گوندنیشنەکانیش لە سۆران بە رێژەی 35% بووە. دوای ئەوێش دهۆك بە 31%و هەولێر بە 22.1% دێن. کەمترین رێژەکانیش لە زاخۆ بە 10%، سلێمانی بە 13.8% بووە. لە بەشێك لە گوندەکانی دەورووبەری سلێمانی، بەهۆکاری ئاسایشییەوە رێگە بە تیمەکانی راپرسی نەدرا سەردانی ئەو گوندانە بکەن و، ئەوەش وەك هۆکارێك کاریگەری لەسەر کەمیی رێژەی بەشداربووانی گوندنشین لە سلێمانی هەبووە.

55.3%ی هەموو ئەوانەی کە بەشداربوون لە رەگەزی نێر و، 44.7%یشیان لە رەگەزی مێ بوون. بەرزترین رێژەی بەشداریی پیاوان لە پارێزگای هەولێر بە 62%بووە و دوای ئەویش سۆران بە 58.3% و پاشان سلێمانی و دهۆك دێن کە لە سەرووی 53%ەوە بوون. بەرزترین رێژەی بەشداری ژنانیش لە گەرمیان بە 60.2%، راپەڕین 59% و هەڵەبجە بە 50.9%بووە. خاڵی سەرنجڕاکێش لێرەدا، کەمیی بەشداریی ژنانە لە شارە گەورەکانی هەرێمی کوردستان بە بەراورد بەو شارانەی کە بچووکترن.

رێژەی 72.4%ی ئەوانەی کە بەشدارییان کردووە، هاوژینیان هەبووە، 26%یش سەڵت بوون و رێژەی 1.6%یش لەوانە بوون کە بێوە (ژن و پیاو) و تەڵاقدراو کە بە جیابووەوە هەژمار دەکرێن.

20.8%ی بەشداربووانی ئەم راپرسییە نەخوێندەوار بوون. 7.6%یان توانای خوێندن و نووسینیان هەبووە و 19.5% باری خوێندنەکەیان سەرەتایی بووە. دواتریش 17.9% لە ئاستی ناوەندی، 13.8% ئامادەیی، 9.2% دیبلۆم و 10.8% بڕوانامەی زانکۆی هەبووە و 0.3%یش لەوانە بوون کە بڕوانامەی خوێندنی باڵایان هەبووە. بەو پێیەش، 65%ی بەشداربووان لە ئاستی کەمتر لە ئامادەیی بوون، 13.8% ئامادەیی و 20.4%یش لە

ئاستی سەرووی ئامادەییەوە بوون.

لەڕووی پیشەوە، %49.8ی بەشداربووان گوتوویانە کار دەکەن، %9.9 یان خۆیان بە بێکار هەژمارکردووە، %5.7یان گوتوویەتی قوتابیم و %32یشی وەك ژنی ماڵ خۆی ناساندووە و %2یش پەککەوتە و نەخۆش بوون. بە واتایەك، %40.3، ئەوانەن کە ناچالاکی ئابوورین

خاڵی جی پی ئێسی ئەو شوێنانەی کە ڕاپرسییەکەی لێ کراوە




و زیاتر بە کاری بێ بەرامبەرەوە سەرقاڵن. لێرەدا هاوشێوەی ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکی پێشووی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو لەسەر گەنجان، ڕۆڵی ژنان لە بازاڕی کار لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان زۆر کەم دەرکەوتووە و جیاوازییەکی ڕەگەزی زۆر لە هێزی کاردا دیار دەردەخات. %78ی ئەوانەی کاردەکەن نێرن لەکاتێکدا، %14.8یان لە ڕەگەزی مێینەن. لەڕووی خوێندنەوە، %74ی ئەوانەی کە بڕوانامەی سەرووی ئامادەییان هەیە کار دەکەن و ئەمە بەپێی ئاستی خوێندن کەم دەبێتەوە. %52ی ئەوانەی کە ئامادەییان تەواوکردووە کاریان هەیە و %41.7 لەوانەش کە بڕوانامەی کەمتر لە ئامادەییان هەیە کار دەکەن. بۆیە لێرەدا باری خوێندن وەك هۆکارێکی کاریگەر لەسەر پیشەی بەشداربووان دەرکەوتووە. ئەمە بەپێی ژینگەی بەشداربووانیش بەوشێوەیە بووە. ئەوانەی لە شاردا دەژین بەڕێژەی %55 کار دەکەن. لە ئاستی شارنشینی دەوروبەردا، ئەو ڕێژەیە بۆ %45.8 دابەزیوە و لە گوندەکانیشدا هەر بە نزیکەی %45 ماوەتەوە. %59.4ی بەشداربووانی سلێمانی لەم ڕاپرسییەدا گوتوویانە کار دەکەن. لە هەولێر ئەو ڕێژەیە %54.6بووە. دوای

ئەوانیش هەڵەبجە و زاخۆ هاتوون. کەمترین ڕێژەش لە گەرمیان بووە کە 25.9%بووە.
بەرزترین ریژەی بێکاری لەنێو بەشداربووانی ئەم راپرسییە لە گەرمیان بە 20.4%، دهۆك 15.9%، زاخۆ 13.3% و هەڵەبجە 11.1%بووە. بەرزترین ڕێژەی ئەوانەش کە بە ناچالاکی ئابووری هەژمار دەکرێن لە گەرمیان و راپەڕین بوون کە لەسەرووی 53%وە بوون. دوای ئەوانیش سۆران بە 44.2%دێت و دواتریش دهۆك و هەڵەبجە دێن.
19.3%ی بەشداربووان لە تەمەنی 24-18 ساڵیدا بوون و زۆرترین ڕێژەش لەنێو گرووپی 39-25 ساڵیدا بووە کە ڕێژەکەی 39.9%بووە. لە دوای ئەویش، گرووپی تەمەنی 59-40 ساڵی دێت کە 30.3% بووە و، هاونیشتمانیانی سەرووی 60 ساڵیش 10.5%ی بەشداربووانی ئەم راپرسییەیان پێکهێناوە. ڕێژەی هاوبەشی تەمەنی بەشداربووان لەم راپرسییەدا 38 ساڵ بووە و کۆی ئەندامانی خێزانیش نزیکەی 6 کەس بووە لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان کە زیاتر لە 4 کەسیان لەسەرووی 17 ساڵن. بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی کار دەکەن، هەروەها بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی کارناکەن و تەنانەت بەرزترین ڕێژەی ئەوانەش کە ناچالاکی ئابووریین هەر لەنیو گرووپی تەمەنیی 39-25 ساڵیدایە.
بەرزترین ڕێژەی گەنجانی تەمەنی 24-18 ساڵ لەنێو بەشداربووانی ئەم راپرسییە لە زاخۆ بە 25%، گەرمیان 24.1%، راپەڕین 22.4% و دهۆك 21.6% بووە.

# دیمۆگرافیای بەشداربووان



# ڕەفتاری دەنگدەران لە هەرێمی کوردستان



پێدەچێت دوو هۆکاری سەرەکی لە پشت ئەوەبن کە ڕێژەی بەشداریکردنی خەڵك لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان هاوشێوەی خولی ڕابردووی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بێت. یەکەمیان هاتنی دەنگدەری نوێ و خواستی بەرزی گەنجانە بۆ بەشداريی لە هەڵبژاردن. ئەوی دیکەشیان ئەوەیە کە لەوانەیە دۆخی سیاسی و زیادبوونی جەمسەربەندییە سیاسییەکان هاندەربێت بۆ بەشداری زیاتری دەنگدەران.

## بەشداری لە هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان




ڕێژەی ئەوانەیە کە گوتوویانە بەشداریمان لە هەڵبژاردنەکانی 2018 و 2021 کردووە و دەیانەوێ بۆ هەڵبژاردنی داهاتووش بەشداری بکەن.

لەم ڕاپرسییەدا بۆچوونی بەشداربووان لەسەر بەشداریکردن لەهەڵبژاردنی 2018ی پەرلەمانی کوردستان وەرگیراوە کە بەپێی ئەنجامەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ڕێژەی 59.7% بە بەڵێ و 40.3% بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە. لەهەمان کات دا، بەپێی ڕاگەیێندراوی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان کۆی دەنگدەران بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمان 3 ملیۆن و 85 هەزار و 461 هاووڵاتی (3085461) بووە، لەو ژمارەیەش 1845979 هاووڵاتی بەشدارییان کردووە، واتە ڕێژەی بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکەدا ٪59ی بووە. لە ئەنجامی ڕاپرسییەکەدا سەبارەت بە بەشداری لە هەڵبژاردنی 2018 ڕێژەیەکی نزیکی لەوە دەرکەوتووە.
هەروەها، لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق 2021 دا بەپێی داتاکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ژمارەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان 3,277,551 کەس بووە کە لەوەش، 1,601,730 کەس دەنگی داوە، واتە ڕێژەی

بەشـداریکردن لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان %48.86 و رێـژەی بەشـدارینەکردنیش %51.14 بـووە. لەکاتێکـدا بەپێی ئەنجامـی راپرسـییەکە لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان، رێـژەی %55.4 بەشـداربووان بـە بەڵـێ و %44.6 بـە نەخێـر وەڵامیـان داوەتـەوە. لەوانەیـە بەشـێکی ئـەم جیاوازییـەش بگەڕێتـەوە بـۆ دەنگـی پێکهاتـەکان کـە لـە هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی عێـراق دا لیسـتیان جیـاواز بـووە، بـەڵام لـە راپرسـییەکەدا جیانەکراوەتـەوە.
لەسـەر ئاسـتی پارێـزگاکان، بەپێـی کۆمیسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنەکانـی عێـراق، رێژەی بەشـداریکردن لـە هەولێـر %50.8 بـووە، لـە سـلێمانی %40.70 و لـە دهـۆک %58.86 بـووە، لەکاتێکـدا بەپێـی ئەنجامەکانـی راپرسـییەکە، سـەبارەت ئـەو پرسـیارەی ئایا بەشـداریی




هەڵبـژاردن پەرلەمانـی عێراقـت کـردووە، لـە هەولێـر %61.1، لـە سـلێمانی %37.6 و دهـۆک %65.1 بـە بەڵـێ وەڵامیـان داوەتـەوە. واتـە جیاوازیـەک لەنێـوان ئەنجامـی کۆمیسـیۆن و ئەنجامـی راپرسـییەکەدا هەبـووە بەتایبەتیـش لـە پارێـزگای هەولێـر و دهـۆک، لەوانەیە ئەویش بەهـۆی دوو هـۆکاری سـەرەکی هەبێـت: یەکەمیـان لـە هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی عێراق، لیسـتی پێکهاتـەکان و کۆتـاکان جیاوازبـوو کـە لـەم راپرسـییەدا جیا نەکراوەتـەوە. دووەمیـان ئەوەیـە کـە دەنگدەرانـی هەندێـک ناوچـە لـەم راپرسـییەدا کەوتوونەتـە بازنـەی بەشـداریکردن، بـەڵام

لە هەڵبژاردنی عێراق دا سەر بە پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەژمار کراون. 38.5%ی ئەوانەی کە پێشتر بەشدارییان لە هەڵبژاردن دا نەکردووە، گوتوویانە ئێستا ناویان تۆمارکردووە، لەو ڕێژەیەش 69.1% یان لەدوای تۆمارکردنی ناوەکانیان، کارتی دەنگدانیشیان وەرگرتووەتەوە.
بەرزترین ڕێژەکانیش بۆ سۆران بە72.4%، زاخۆ 68.7%، هەولێر58.3% و دهۆك بە ٪52.4 بووە. لە شوێنەکانی دیکەش ئەو ڕێژەیە لە سنوورەکانی 20%دا بووە.
بە لەبەرچاوگرتنی زیادبوونی ژمارەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە هەریەك لە هەڵبژاردنەکانی 2018 و 2021، دەکرێ بڵێین کە ئەوەی وایکردووە ڕێژەی

## بەشداریی گرووپەکانی تەمەن




**خواستی بەشداری ئەوانەی بۆ یەکەمجار مافی دەنگدانیان دەبێت**



بەشداریکردن بەرزبێت نەك گەڕانەوەی ئەو دەنگدەرانەیە کە پێشتر بەشدارییان نەکردووە، بەڵکو ئەوانەن کە تازە دەیانەوێت بەشداری لەو پرۆسەیەدا بکەن. نزیکترین هەڵبژاردن بۆ زانینی ژمارەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان ئەوەی ساڵی 2021 بووە کە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە 3 ملیۆن و 227هەزار و 551 دەنگ




هەژماری کردووە. ئێستاش بۆ ساڵی 2023، بەرپرسانی کۆمیسیۆن باس لە ژمارەی 3 ملیۆن و 641 هەزار دەنگدەر دەکەن. ئەگەر وابێت، 413449 دەنگدەری نوێ هەن کە پێدەچێت بەهۆی ئەوەی کە بڕیارە هەڵبژاردن بکەوێتە 25ی شوباتی 2024، ئەو ژمارەیە زیاتریش بێت.

لەنێو گرووپەکانی تەمەن دا، ئەوانەی کە تەمەنیان لەنێوان 24-18 ساڵیدایە بەرزترین ڕێژەی ئەوانەن کە ناویان بۆ هەڵبژاردن تۆمار کردووە و بەڕێژەی 52.6%، زیاتر لە دوو هێندەی ئەوانەی گرووپە تەمەنییەکانی دیکەن کە ناویان بۆ هەڵبژاردن تۆمار کردووە. هەروەها، لەو ڕێژەیە، 63.8%یشیان کارتی دەنگدانیان وەرگرتووە. لەڕووی ڕەگەزەوە، 59.3%ی بەشداربووی نێر گوتوویەتی کە بەشداری لە هەڵبژاردن دەکات و 40.7%یش گوتوویەتی بەشداری ناکات. 61.5%ی ژنانیش گوتوویانە بەشداری دەکەن، بەڵام 38.5%ی بەنیازنین بەشداری بکەن.

ڕێژەی 60.3%ی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بەشداری لە هەڵبژاردن دەکەن. پێدەچێت جەمسەربەندیی سیاسی و زیادکردنی زیاتر لە 400 هەزار دەنگدەری نوێ کاریگەری لەسەر ئەم بابەتە هەبێت.

خواستی بەشداری لەنێو گەنجانی 24-18 ساڵی بەڕێژەی 61.2%بووە کە سەرووی




52%یـان ناویـان بـۆ هەڵبژاردنیـش تۆمارکـردووە و 63.8%ی ئـەو ڕێژەیـەش گوتوویەتـی کارتەکـەم وەرگرتووەتـەوە. کەمتریـن خواسـتیش بـۆ بەشـداریکردن لـە هەڵبـژاردن لـەلای هاونیشـتمانیانی سـەرووی 60 سـاڵەوە بـووە کـە بەرێـژەی 17.1% هاتـووە. ڕێـژەی نـاو تۆمارکـردن بـۆ هەڵبژاردنیـش لـەلای ئـەم گرووپە هـەر لە نزمترین ئاسـت دا بـووە و بە 20.4% هاتـووە. لـەڕووی تەمەنـەوە بەرزتریـن خواسـتی بەشـداریکردن لەنێـو گرووپـی تەمەنیـی 40-59 سـاڵی بەرێـژەی 63.2% بـووە. هەڵبـەت ئـەوە لەکاتێکدایـە کـە تەنیا 23.3%ی ئـەم گرووپە نـاوی بـۆ هەڵبـژاردن تۆمارکـردووە. بۆیـە بەگشـتی دەتوانیـن بڵێیـن هەرچەنـد تەمـەن دەچێتە سـەرەوە خواسـتی بەشـداریکردن لـە هەڵبـژاردن لـەلای دەنگدەرانـی هەرێمـی کوردسـتان دا کـەم دەبێتـەوە.

لـەڕووی بـاری خوێندنیشـەوە، خواسـتی بەشـداریکردن لەنێـو ئەوانـەدا زیاتـرە کـە بـاری خوێندنیـان کەمتـرە. لەوانەیـە پیشـە کاریگەرییەکـی ئەوتـۆی لەسـەر ڕەفتـاری دەنگـدەران نەبووبێـت، چونکـە ڕێژەکانـی ئەوانـەی کـە نایانـەوێ بەشـداربن لەگـەڵ ئەوانەی کـە بڕیارەکەیان پێچەوانەیـە، لـەلای هەرسـێ گرووپـی پیشـەیی(ئەوانەی کـە کار دەکـەن، بێـکارن و ئەوانـەی

کـە ناچالاکیـی ئابووریـن) نزیکـی یـەك بـووە.

خواسـتی بەشـداریکردن لـە ناوەنـدی شـارە گـەورەکان کەمتـرە تاوەکـو شارنیشـنی دەورووبەر و گونـدەکان. بەرزتریـن خواسـتی بەشـداریکردن لـە هەڵبـژاردن بەپێـی ڕیزبەنـدی لـە سـۆران، زاخـۆ، هەولێـر و دهـۆك بـووە و کەمترینەکانیـش لـە ڕاپەڕیـن، هەڵەبجـە، گەرمیان و سـلێمانی بووە.

لـەدوای هەڵمەتـی ڕاگەیاندنـی پارتـە سیاسـییەکان، پرۆگرامـی تایبەتـی هەڵبـژاردن لـە تەلەڤزیـۆن بەڕێـژەی 42.8% هـۆکار و ئامـرازی کاریگـەر بـووە بـۆ هاندانـی هاونیشـتمانیان تاوەکـو بەشـداریی لـە هەڵبـژاردن دا بکـەن. ڕاگەیاندنـی پارتـە سیاسـییە بەشـدارەکانیش 44.5% بـووە. هەروەهـا، ئامرازەکانـی دیکـەی وەک کـۆڕ و کۆبوونـەوەکان بەڕێـژەی 28.8%، سۆشـیالمیدیا بەڕێـژەی 27.3% و وێنـەی بەربژێـرەکان لەسـەر شـەقامەکان بەڕێـژەی 18.8%، لـەوڕووەوە کاریگەرییـان لـە سـەر خەڵـک داناوە. لێرەدا کاریگـەری پرۆگرامـی تەلەڤزیۆنییەکان بـۆ چوونـە سـەر سـندووقەکانی دەنگـدان دەردەکەوێـت.

# ڕۆڵی حیزب لە دەنگدان

خاڵێکـی دیکـەی زۆر گرنـگ ئەوەیـە کـە پێدەچێـت هـۆکاری ئەندامبـوون لـە حیـزب تاکـە هۆکارنەبێـت بـۆ ڕەفتـاری دەنگدانـی خەڵـك و ئەمـەش دەتوانێـت نیشـانەیەك بـۆ لاوازیـی کاریگـەری حیـزب وەك دامـەزراوە، لەسـەر رای خەڵـك بێـت.







ڕێـژەی %61.5ی بەشـدـاربووانی ئـەم ڕاپرسـییە گوتوویانـە کـە بـۆ گەیاندنـی دەنگـی خۆیـان بەشـداری لـە هەڵبـژاردن دەکـەن، بـەڵام لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان، پاڵنەرەکانـی ئەوانـەی کـە پێشـتر بەشـدارییان لـە هەڵبـژاردن دا نەکـردووە، بریتیـن لـە نەبوونـی متمانـە بـە هەڵبـژاردن و پارتـە سیاسـییەکان، نائومێـدی لـە گـۆڕانـکاری و بچووکیـی تەمـەن. خاڵێکـی سـەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەبـوو کـە بەشـێك لـە دەنگـدەران باسـی ئەوەشـیان کـردووە کـە بەهـۆی نارەزایـی لـە سیاسـەتی پارتەکـەی خۆیـان بەشـدارییان لـە هەڵبـژاردن نەکـردووە.
بەپێـی ئـەم ڕاپرسـییە بەشـێکی زۆری دەنگدەرانـی هەرێمـی کوردسـتان بۆ هەڵبژاردنـی داهاتوو زیاتـر لـە مانگێـك بـەر لـە ڕۆژی هەڵبـژاردن بڕیـاری خۆیـان دەدەن کـە دەنـگ بـە چ لایەنێـك بـدەن. ئەمـە بـۆ هەڵبژاردنەکانـی پێشـتریش وابـووە.
لـەڕووی ڕەگەزییـەوە، پیـاوان بەڕێـژەی %65.6، زیاتـر لـە مانگێـك بـەر لـە هەڵبـژاردن خۆیـان یەکلادەکەنـەوە، لەکاتێـکدا کـە ئـەو ڕێژەیـە لەنێـو ژنـان %46.8 بـووە و، ئەمـەش کەمیـی




تێکەڵاوبوونی ژنان بە جەمسەربەندییە سیاسییەکان، بە بەراورد بە پیاوان دەردەخات. لەنێو گرووپەکانی تەمەنیش دا ئەوانەی کە لە تەمەنەکانی نێوەڕاستدان، زووتر خۆیان یەکلا دەکەنەوە. لێرەشدا بەرزترین ڕێژە بۆ گرووپی تەمەنی 59-40 تۆمار کراوە کە 60.9% بووە. دوای ئەوانیش هاونیشتمانییانی سەرووی 60 ساڵ بە ڕێژەی 58.7% دێن. گەنجانی تەمەن 24-18 ساڵیش بە 46.8%ەوە لە کۆتایی ڕیزبەندییەکەدان.

### دەنگدەر چ کاتێک بڕیاری کۆتایی دەدات؟

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە، بەشێکی زۆری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە مانگێک بەرلە ڕۆژی هەڵبژاردن، بڕیاری خۆیان دەدەن کە دەنگ بە چ لایەنێک بدەن. ئەمەش دەتوانێت نیشانەیەکی دیاری بەرزبوونی ئاستی جەمسەربەندیی سیاسی لە نێو کۆمەڵگەی کوردی بێت.



پێدەچێت ئاستی خوێندەواری کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر زووتر پرپاردانی دەنگدەران نەبێت، چونکە ڕێژەکانیان زۆر نزیکی یەك دەرکەوتوون. ئەمە بۆ ئەوانەش کە کار دەکەن و ئەوانەش کە کارناکەن بەوجۆرەیە. لەڕووی ژینگە و شوێنی نیشتەجێبوونەوە، خەڵکی لادێ، درەنگتر لەوانەی لە شارەکاندان بڕیار دەدەن کە دەنگ بە چ لایەنێك بدەن. 51.1% یان گوتوویانە مانگێك بەرلە هەڵبژاردن بڕیار دەدەن، بەڵام ئەوانەی لە شارەکاندا دەژین، بەڕێژەیەکی دەوروبەری 59%، مانگێك پێشتر خۆیان یەکلاکردووەتەوە. بەشێوەیەکی گشتی دەنگدەرانی سۆران بەڕێژەی 81.1% یەك مانگ بەر لە هەڵبژاردن بڕیاری خۆیان دەدەن. دوای ئەوانیش ڕاپەڕین بە 67.3% و هەولێر بە 64.6% دێت. سەرنجڕاکێشە کە تەنیا 33.7%ی دەنگدەری دهۆك یەك مانگ بەر لە هەڵبژاردن خۆیان یەکلایی دەکەنەوە کە لەوانەیە ئەمەش، لە تەنیشت هۆکاری سیاسی، زیاتر بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ڕەنگدانەوەکانی لەسەر کێبڕکێی هەڵبژاردن بگەڕێتەوە.

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە، لەنێو ئەوانەدا کە پێشتر بەشدارییان لە هەڵبژاردن

**کاریگەری دابەشبوونی دانیشتوان لەسەر بەشداری لە هەڵبژاردن**




سەرچاوە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

زۆرترین ڕێژەی گرووپی تەمەنیی 0-14 و 15-29 لە هەرێمی کوردستان لە هەردوو پارێزگای هەولێر دهۆک دایە. بەرزترین ڕێژەی سێ گرووپی تەمەنیی کەسانی سەرووی 30 ساڵیش لە پارێزگای سلێمانیدایە.




خواستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن بەپێی گرووپەکانی تەمەن




بەپێی ڕاپرسیی ڕوانگەی گەنجان 2023، ڕێژەی 72٪ی گەنجان دەیانەوێ بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن ئەگەر مافیان هەبێت.

**خواستی بەشداری لە سەر ئاستی هەر سێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی و دهۆک**



نەکـردووە، پیـاوان بـە ڕێژەیەکـی زیاتـر لـە ژنـان ناویـان تۆمـار کـردووە. هەروەهـا لەنێـو گرووپەکانـی تەمەنیـش دا گەنجانـی تەمـەن 24-18 سـاڵ بـە 52.6%ەوە بەرزتریـن ڕیـژەی نـاو تۆمارکردنیـان هەیـە. لـە ئاسـتی پارێزگا و ئیـدارە سەربەخۆکانیشـدا، سـۆران بـە 72.4%، زاخـۆ بـە 68.7% و هەولێـر بـە 58.3% و دهۆکیـش بـە 52.4% هاتـوون. کەمتریـن ڕێـژەی ئەوانەش کـە هـەر سـوورن لەسـەر ئـەوەی کـە بەشـداری نەکەنـەوە، لـە سـلێمانی، گەرمیـان، ڕاپەڕیـن و هەڵەبجـە بـوون و، ڕێـژەی 20%ی بەشـداربووان گوتوویانـە ئـەم جـارە ناویـان بـۆ هەڵبـژاردن تۆمارکـردووە.

# خواست و بژاردەی دەنگدەران

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە، لە هەڵبژاردنی داهاتوودا براوەی یەکەم، پێکەوە ئەوانەن کە بەشداری ناکەن، دەنگدەری خۆڵەمێشین و بە بەتاڵی دەنگدەدەن.%39.7ی هاووڵاتیان بەشداری لە هەڵبژاردن ناکەن، %29.2ی ئەوانەی کە گوتوویانە بەشداری دەکەن دەنگی خۆیان ئاشکرا ناکەن و %3.7یش گوتوویانە بە بەتاڵی دەنگ دەدەن. مەزەندە دەکرێت ژمارەی ئەمانەش هەموو پێکەوە، دەوری 2167252 کەس بن. ئەمەش وادەکات کە ئەگەری ئەنجامی چاوەڕواننەکراو لە هەڵبژاردنی داهاتوودا شتێکی دوورنەبێت.
بە گوێرەی وەڵامی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە، لەنێو %60.3ی دەنگدەران دا کە بەنیازن




## دابەشبوونی دەنگەکان

ڕێژەی ٪32.9ی دەنگەکان یان خۆڵەمێشین یان ئەوانەن کە گوتوویانە بە بەتاڵی دەنگ دەدەن. ئەمەش دەتوانیت هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی کە ئەگەری دەرکەوتنی ئەنجامێکی چاوەڕواننەکراو، یان لانیکەم گۆڕانی دابەشبوونی دەنگەکان شتێکی کراوە بێت.

بەشداری لە هەڵبژاردن دا بکەن، پارتی دیموکراتی کوردستان %46.1ی دەنگەکان دەبات و لە پلەی یەکەم دا دەبێت. ئەمەش واتای ئەوەیە کە پارتی بەگوێرەی هەڵبژاردنی ساڵی 2021، ڕێژەی دەنگەکانی زیاتر دەکات. دەکرێت بەشێکی ئەم زیادکردنە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دەنگدەرانی گەنجەوە ڕوونبکرێتەوە کە بەشی هەرە زۆریان لە سنووری هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆکن. لەڕووی ڕەگەزییەوە دەنگدەرانی ئەم پارتە لێك نزیکن، بەڵام سەرنجڕاکیشە کە دەنگدەرانی گەنج زیاتر دەنگ دەدەنە پارتی دیموکراتی کوردستان.
لەنێو گرووپەکانی تەمەن دا، هەرچی تەمەن زیاتر دەبێت، ڕێژەی دەنگدەری پارتی کەم دەبێتەوە. %51ی ئەوانەی بۆ یەکەم جارە دەنگ دەدەن دەنگ دەدەنە پارتی. لەوانەیە هۆکارێکی ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە زۆرترین ڕێژەی گەنج لە هەرێمی کوردستان لەو

ناوچانەبن کە پارتی تێیاندا دەسەڵاتدارە. بەرزترین ڕێژەی دەنگدەرانی پارتی لەنێو خەڵکی گوندنشینداية کە بە ڕێژەی 59.2% هاتووە و هەرچی بەرەو ناوەندی شارە گەورەکان دێین، ڕێژەی دەنگدەری پارتی کەم دەبێتەوە. زۆرترین دەنگەکانی پارتی لە زاخۆ، سۆران، دهۆك و هەولێرە و کەمترین دەنگەکانیشی بەپێی ڕیزبەندی، لە سلێمانی، گەرمیان، ڕاپەڕین و هەڵەبجەیە.

دەنگەکانی پارتی زیاتر لەو شوێنانە بەرزە کە ڕێژەی بەشداریکردن تێیدا زۆر دەبێت. هەروەها لەو شوێنانەش زۆرە کە ڕێژەی دەنگە خۆڵەمێشییەکان کەمترن.

ڕێژەی 29.2%ی بەشداربووان حەزیان نەکردووە دەنگەکانی خۆیان ئاشکرا بکەن. ئەگەر




ژمارەی دەنگدەران لە ساڵی 2024، 3641000 کەس بێت، لەو ژمارەیە 641092 کەسیان دەنگدەری خۆڵەمێشین. هەروەها 3.7%ی دەنگە بەتاڵەکانیش هەیە کە سەرووی 80 هەزار دەنگ دەکات، بۆیە کاتێک ئەو دەنگانە کۆبکرێنەوە کاریگەرییان زۆر دەبێت. بە ئەگەری زۆر ئەنجامی سرووشتی ئەو دەنگە ناڕوونانەش یان دابەشبوونە بەسەر حیزب ولایەنەکانی دیکە یاخود ئەوەیە کە بۆ حیزب و لایەنێکی نوێ بڕوات.




ڕێژەی دەنگە خۆڵەمێشییەکان لە نێو ئەوانەن کە دەیانەوێ بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن.

بەرزترین ڕێژەی ئەم دەنگدەرانە بەپێی ڕیزبەندی لە سلێمانی 55.1%، هەڵەبجە 53.1%، ڕاپەڕین 49.1%، هەروەها هەولێر26.4% بووە. ئەمەش واتای ئەوە دەدات کە ئەگەر دەنگی یەکەم لە شوێنەکانی وەك دهۆك، زاخۆ و سۆران یەکلا بێت، ئەوا دەنگی یەکەم لە سلێمانی، گەرمیان، ڕاپەڕین و هەڵەبجە بەدەستی دەنگدەرانی خۆڵەمێشی یەکلا دەبێتەوە. هەر ئەو دەنگدەرانەش دەتوانن لە هەولێر تەگەرە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانیش دروست بکەن ئەگەر نەتوانێت لانیکەم بەشێکیان ڕازی بکات.

بەگوێرەی ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان 11.3%ی دەنگەکان دەبات. ژنان زیاتر لە پیاوان دەنگ دەدەنە یەکێتی. هەروەها دەنگدەری ئەو حیزبە لەنێو گەنجان دا کەمترە لەوانەی کە لە گرووپی تەمەنیی بەرزتردان و، زۆرترین ڕێژەش لەنێو ئەوانەدایە کە سەرووی 60 ساڵ تەمەنیان هەیە. 9.3%ی ئەوانەی کە یەکەم جارە دەنگ دەدەن، خۆیان بۆ یەکێتی یەکلا کرووەتەوە. لەڕووی پیشەوە بەرزترین ڕیژەی دەنگدەری ئەم حیزبە بە 13.6%وە لەنێو ئەوانەدایە کە بە ناچالاکی ئابووری هەژمار دەکرێن. پێدەچێت ژینگەی شار و لادێ کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئاستی دەنگدەرانی ئەم حیزبە نەبێت، چونکە ڕێژەکانیان لێك نزیکن. دەنگەکانی یەکێتی زیاتر لە ڕاپەڕین، گەرمیان، سلێمانی و هەڵەبجەیە کە کەمترین ڕێژەی بەشداری و زۆرترین ژمارەی دەنگی خۆڵەمێشییان تێدایە.

# ئەوانەی دەنگی خۆیان ئاشکرا ناکەن







ژمارەی دەنگی لایەنە سەرەکییەکان-2021




هۆکارێکی سەرەکیی کەمکردنی دەنگی لایەنەکانی دیکە بێجگە لە پارتی، کەمیی ڕێژەی بەشداری خەڵک و زۆریی ڕێژەی دەنگی خۆڵەمێشییە لەو شوێنانەی کە ئەوان تێدا بەهێزبوون.

ژمارەی دەنگی لایەنە سەرەکییەکان لە هەڵبژاردن




نـەوەی نـوێ بـە 5.5%ی دەنگەکانـەوە بـە پلـەی سـێیەم دێـت. خاڵـی سـەرنجڕاکێش ئەوەیـە کـە لـەڕووی ڕەگـەز، تەمـەن و پیشـەوە جیاوازییێکـی زۆر نییـە لەنێـو دەنگدەرانـی ئـەم لایەنـە. 9.5%ی دەنگـی ئەوانـە دەبـات کـە بـۆ یەکـەم جـار دەنـگ دەدەن.

لـە ڕاپرسـییەکی پێشـتری ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی ڕووداودا سـەبارەت بـە گەنجـان، نـەوەی نـوێ لـە هەندێـك شـوێنی وەك هەڵەبجـە زۆرتریـن دەنگـی گەنجـان دەبـات، بـەڵام کاتێـك دێتـە سـەر هەڵبژاردنـی گشـتی، لـە پلـەی سـێیەم یـان دووەمـە.

## چۆنییەتی دابەشبوونی دەنگی سێ حیزبی یەکەم لەم راپرسییەدا




+ ڕێژەی 29.2٪ی بەشداربووان دەنگی خۆیان ئاشکرا نەکردووە. 3.7٪یش گوتوویانە بە بەتاڵی دەنگ دەدەن کە 81234دەنگ دەکات. 4.2٪ی بەشداربووانیش بەسەر حیزبەکانی دیکەدا دابەشبوون و ئەویش 92211دەنگ دەکات










هۆکارێکی سەرەکیی کەمکردنی دەنگی لایەنەکانی دیکە بێجگە لە پارتی، کەمیی رێژەی بەشداری خەڵک و زۆریی رێژەی دەنگی خۆڵەمێشییە لەو شوێنانەی کە ئەوان تێدا بەهێزبوون.

بـەرزی ڕێـژەی دەنگـدەری خۆڵەمێشـی کـە %29.2ی ئەوانـەن کـە بەشـداری لـە هەڵبـژاردن دەکـەن لەگـەڵ ڕێـژەی ئەوانـەی کـە بـە بەتاڵـی دەنـگ دەدەن، وادەکـەن کـە چانسـی حیزبێکـی نـوێ بـۆ دەرکەوتـن بەرزبێـت یـان ئەگـەر ئەنجامێکـی چاوەڕواننەکراویـش ڕوونـەدات، ئـەوا دەنگـەکان بەسـەر لایەنەکانـی دەرەوەی پارتـی و یەکێتـی دابـەش ببنـەوە.

بەشـی زۆری ئـەو دەنگدەرانـەی کـە بـە خۆڵەمیشـی هەژمـار دەکرێـن لـە دەنگدەرانـی گـۆڕان، نـەوەی نـوێ، یەکگرتـووی ئیسـلامی و کۆمەڵـی دادگـەری کوردسـتانن کـە دەنگەکانیـان کەمـی کـردووە، چونکـە ڕێـژەی دەنگـی خۆڵەمیشـی لەنێـو دەنگـدەری نـوێ دا کەمـە. لێـرەدا بەهـۆی چارەنووسـسازبوونی ئـەم ڕێژەیـەی دەنگدەرانـەوە، چەنـد سـیناریۆیەکمان بـۆ دابەشـبوونەوەی دەنگـە خۆڵەمێشـییەکان پێشـبینی کـردووە کـە لـە گرافیکـی خـوارەوەدا پیشـاندراوە.




پارتی
خۆڵەمێشی
یەکێتی
نەوەی نوێ
بەتاڵ
لایەنەکانی دیکە
هەولێر
سلێمانی
دهۆک
هەڵەبجە
0
25
50
75
دابەشبوونی دەنگەکان بە پێی ٤ بازنەی هەڵبژاردن

# ڕوانگەی سیاسی و بایەخمەندییەکانی دەنگدەران

